# حاجی لە ئەستەنبۆڵ - تێکەڵی و کاریگەرییەکان

**پ.د. عوسمان دەشتی**

## پێشەکی:

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، لە هەرەتی بووژانەوەو پەرەسەندنی میرایەتی بابان لە سلێمانی، بەتایبەتیش لە رۆژگاری حوکومداریەتی "عەبدولڕەحمان " پاشای باباندا (١٧٤٩-١٨١٣)، شاعیرە پێشەنگەکانی وەکو، "نالی، سالم، نەفعی، کوردی، فایەق، ..." پایەکانی (قوتابخانەی ئەدەبی بابانی) یان لە سنوور و قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینە دامەزراند. لێرەوە ئەمانە بوون بە ڕابەر و بە بنیاتنەر و لە مێژووی ئەدەبی کوردییشدا بەنەوەی یەکەمی قوتابخانەی شیعری بابان دەناسرێن. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و لە دوای بەسەرچوونی میرایەتی بابانەکان و پەرتەوازەیی و کزی و لاوازی دەنگی شیعری شاعیرانی بەرەی یەکەم، نەوەیەکی تازە لە شاعیرانی کورد لە هەرێمی ئاخێوەرانی کوردیی ناوەڕاستدا پێگەیشتن کە بوون بە نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەکە، ئەمانە بوون بە درێژە پێدەر و ئاڵا هەڵگری ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە و هەریەکەو لە دەڤەر و ناوچەکانی خۆیاندا؛ مەحوی / ١٠٨٣- ١٩٠٦ لە دەڤەری سلێمانیی مەڵبەندیی بزوتنەوەکە خۆیدا، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٥- ١٩٠٩ لە ناوچەی کەرکوک و گەرمیان، سالمی سنە/ ١٨٤٨- ١٩١١ لە سنووری ئەردەڵان و وەفایی/ ١٨٣٣- ١٩٠٢ لە ناوچەی موکریان و حاجی قادری کۆییش / ١٨١٦- ١٨٩٧ لە دەڤەری سۆران. بەم پێیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین، حاجی قادر یەکێک بووە لە شاعیرە پێشەنگەکانی نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان کە خاوەنی پێگە و دەنگێکی جیاواز بووە، وەک چۆن ئەرکی شیعری لەسەر دەستی حاجیدا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە.

## دوو قۆناغ لە ژیانی حاجیدا:

ئەوە ڕوونبۆتەوە کەوا حاجی لە گوندی (گۆڕقەرەج) ی سەر بەشارە دێی (تەقتەق)، لە دەوروبەری ساڵی (١٢٣١ک – ١٨١٦ز) لە مانگی قوربان هاتۆتە دنیاوە. لەسەر ڕێکەوتی لە دایک بوونی بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان ئەو مێژووە بۆ هاتنە دنیای حاجی پەسەند دەکەن (میران، ٢٠١١، ١٩). بەمەبەستی خوێندن سەرەتا ڕوودەکاتە شاری کۆیە، ئەنجا دواتر هەربۆ ئەو مەبەستە زۆر شارو ناوچەکانی دەوروبەر دەگەڕێت و لە دوایەش دەپەڕێتەوە بۆ ناوچەی موکریان، لە سابڵاغ خوێندن بە کۆتا دێنێ و ئیجازە وەردەگرێت، لەساڵی ١٨٦٣ دا دەگەڕێتەوە بۆ وڵات. ساڵێک دواتر

واته لە ١٨٦٤ دا حاجی سەری غەریبی هەڵدەگرێ و ڕێگای ئەستەمبوڵ دەگرێتە بەر، ماوەی زیاتر لە سی ساڵان لەو شارەدا تێدەپەڕێنێت، تالەساڵی ( ١٢٣٢- ١٨٩٧) داو لە تەمەنی هەشتاساڵیدا کۆچی دوایی دەکات (یەڵدرم، ٢٠١٦، ٢٣). لە دەورکردنەوەی ئەم تۆمارە خێرایەی ژیاننامەی حاجی کە لێرەدا خرایە ڕوو، دەتواندرێت ژیان و بوون و پێگەیشتنی حاجی تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لە ژیاندا کردوو بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا دابەشبکرێت.

## قۆناغی یەکەم/ حاجی لە کوردستان:

٠١حاجی لە بنەماڵەیەکی مەلازادە بووە، تاقانەی خێزانەکەی بووە و بە زووییش باوکی کۆچی دواییکردووە، لە کۆیە دەچێتە بەر خوێندن، مزگەوت و مەدرەسە ناودارەکانی (موفتی، حاجی بەکرئاغا، مەلا ئەسعەدی جەلی) لە کۆیە دەبن بە مەڵبەندیی سەرەتایی بۆ فێربوون و پێڕاگەیشتنی. کۆیە لە قەڵەمڕەوی میرایەتی باباندا شارێکی دیار و درەوشاوە و ئاوەدان بووە، لە لایەنی ئایینی و شارستانی و بازرگانی و فەرهەنگ و هونەردا شارێکی پێشکەوتوو و پڕ لە جموجۆڵ بووە، حاجی لەو کەش و هەوایەدا گەورە دەبێت و تەمەنی هەرزەکاری و لاویەتی بەڕێدەکات. گۆیا بە فەقێیەتی چۆتە سلێمانی و کەرکوک و هەولێر، ئەنجا ناوچەی خۆشناوەتی، بەر لەوەی لەگەڵ مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەدا / ١٨٣٤- ١٩٠٨ ڕووبکەنە ناوچەی باڵەکایەتی. (موکریانی، ١٩٦٩، ٣). لە دەڤەری باڵەک لە لای مەلاو مەدرەسە ناودارەکانی ڕواندز درێژە بە خوێندن و وەرگرتنی زانستەکان دەدات، بە تایبەتی لە لای مەلای ناودار و مەزنی کوردستان (مەلا محمدی ئیبنوئادەم/ ١٧٥٠- ١٨٤٣) دەخوێنێت، کەوا زانای تاقانەی سەردەمی خۆی بووە و ناوبانگی زانستی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دیار و بڵاو بووە (فندی، ١٩٩٦، ٣٩). لەدوای پێنج ساڵ لە گەشت و خوێندن لەو ناوچەیە، ئەوجار ڕوو دەکاتە ناوچەی موکریان، لە شنۆ و لاجان و سەردەشت و سابڵاغ درێژە بە خوێندن دەدات، لە (مزگەوتی سوور) لە سابلاغ کۆتایی بە خوێندن دێنێت و هەر لەوێش ئیجازەی زانستیی وەردەگرێت. هەر لەو ساڵەدا واتە لە (١٨٦٣)دا دەگەڕێتەوە بۆ زێد و مەڵبەندی خۆشەویستی، واتە بۆ شاری کۆیە. بە هۆی ئەو باوەڕ و پاشخانە فیکریەی کە حاجی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانەی خوێندن و گەشت و گەڕان بە کوردستاندا، هەروەها لە ئەنجامی گەیشتن بە حزووری چەندان مەلا و زانای هەڵکەوتەی کوردستان و ئاشنایەتی و تێکەڵاوی نزیکی لەگەڵ چین و توێژی زەحمەتکێش و جوتیارو پاڵەی شار و دێهاتەکانی کوردستان، نەخاسمە ڕەنج و مەینەتییەکانی ئەو خەڵکە بەدەست سیستەمی نا دادپەروەری کۆمەڵی کوردەواری، دەبێت بە کەسێکی قاڵبووی خاوەن پەیام و دیدو جیهانبینییەکی

جیاواز لەگەڵ دەوروبەرەکەی، ڕووبەڕووی گێرمەوکێشەیەکی گەورە دەبێتەوە، ناکۆکییەکی گەورە لەنێوان ئەو و بەرەیەک لە خەڵکانی ستەمکارو دەستبڕودەجال لەو ڕۆژگار و دەوروبەرەدا دروست دەبێت، تا ئەوەی بە ناچاری بڕیاری کۆچکردن، یا (هەڵاتن) بە تەعبیری خۆی دەدات، پشت لە وڵات و ڕوو لە غەریبی هەنگاو هەڵدێنێ، لەو ئان و ساتەدا ئەو خۆی بە خۆی دەڵێ:

**یا هەڵـــێ یا تاقەتـــی باری ڕەقیبانت هەبـــێ**

**ڕۆحەکەم (حاجی) مەبە ناموستەقیم و دەم دەمی**

**(مەلاکەریم، ١٩٨٩، ٣٧٦)**

٠٢ نووسەرانی کورد، ئەوانەی کە لە مەڕ ژیان و فیکرو شیعری حاجییەوە دواون، لەسەر ئەوەی کۆکن کەوا بەر لە سەفەر و سەرهەڵگرتن و ئەنجا گیرسانەوەی لە ئەستەمبوڵ، حاجی خاوەنی فیکرو بیرێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی ئەوتۆ نەبووە کە لە شیعرو هۆنراوەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە، لەو بارەیەوە هیچ شوێنەوارێک لەبەر دەستدانییە! (فندی، ١٩٩٦، ٥٧). ئەوەی دەشگوترێت هەر ئەوەیە، کە حاجی بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ وەکو هەر شاعیرێکی ئاسایی ئەو ڕۆژگارە سەروکاری تەنها لەگەڵ شیعر و هۆنەر و غەزەل و قەسیدەی نەریتیدا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا حاجی لەم فەسڵەی ژیان و شاعیرێتییدا، وەکو شاعیرێکی گەورە دەناسرێت و تەنانەت وەکو نوێنەرێکی بلیمەتی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی لە کوردستانی باشوور دەژمێردرێت، با دووریش بێت لە نوێکردنەوەو بەرپاکردنی شۆڕشێکی فیکری و هونەری لە شیعری کوردیدا (خەزنەدار، ٢٠٠٤، ١٢٨). بەڵام حاجی لە ڕووی هەڵوێستی کۆمەڵایەتییەوە جیاواز لە تێگەیشتن و نەریتە باوەکە، بەچاوێکی دیکە سەیری دەوروبەرەکەی کردووە و هەڵوێستێکی دژبەری لە بەرابەر دەسەڵاتی ئاینیی ئەو سەردەمە هەبووە، بە تایبەت ئەوانەی ڕێبازی شێخایەتی و تەکیەو خانەقاکانیان بە مەبەستی خاپاندن و لەخشتە بردن و چەوساندنەوە و دەستبڕینی خەڵک بەکارهێناوە. هەرئەمەش لە دواییدا بۆتە هۆکارێک بۆ پەڕاگەندە بوون و ئاوارەیی حاجی، ئەم بۆچوونە، واتا بێلایەنبوونی حاجی لە ئاست بیری سیاسیی نیشتیمانی و نەتەوە خوازی بەر لە سەفەرکردن و گەیشتن و مانەوەی لە ئەستەمبوڵ، بەلای هەرکام لە مامۆستا "سەجادی، گیوی موکریانی، کەریم

شارەزا، مەسعوود محەمەد..." لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیاندا بە ڕوونی گوزارشتی لێکراوەتەوە. لە بەرامبەردا بۆچوونێکی دیکەش هاتۆتە ئارا کە پێی وایە حاجی بەر لەوەش کوردستان بەجێ بهێڵێت و ڕووبکاتە تاراوگە، نیشانەی هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری لە شیعرەکانیدا بەدیار کەوتووە. (مەلاکەریم، ٢٠٠٨، ١٥١). کاک" محەمەدی مەلا کەریم" لە نووسینێکدا داکۆکی لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات، تاقە بەڵگەش لەم بۆچوونەیدا دوو دێرە شیعرە لە پارچەیەکی تازە دۆزراوەی حاجیدا کە پێشتر لە شیعر و دیوانیدا نەهاتوون:

**هـەر وەکو مەردووم لە بەر چاوم دەگرێی نم نمی**

**پیرە گودروونیش لە داغی دەوری حوکماتی گومی**

**تـەن لە سـایەی دووکەڵـی ئاهـی دڵی پڕ ئاتەشە**

**وا لە بەحـــری گریـەدا چاڵاکە وەک ئاتەش گەمـــی**

**زوڵفـــی تاتا کردووە، بادی صـــەبا، هەر تایـــەکی**

**صەد هەزار چینی هەیە، هەر چینی بارێکی خەمـی**

**(صـــاد عینـــی بالبکا للنـــأی ، ضنـــــت بالکـــری**

**لیس للانســـــان الا ما سعــــــی فیمـــــا همي)**

**یا هەڵـــێ، تا تاقەتـــی باری ڕەقیبـــــانت هەبـــێ**

**ڕۆحەکەم (حاجـــی) مەبە نا موستەقیم و دەم دەمی**

**(مەلاکەریم، ١٩٨٩، ٣٧٦)**

لە ڕوونکردنەوەی یەکەم دێری شیعرەکەدا "محەمەدی مەلا کەریم" نووسیویەتی: ((لە یەکەم بەیتی ئەم پارچە شیعرەدا حاجی قادر هاتنەخوارەوەی ئاوی کانیاوەکانی پیرەمەگروون بە ڕووی شاخەکەدا، بەگریانی ئەو شاخە سەرکەش و بڵندە دادەنێ لە داخی بەسەرچوونی سەردەمی حوکمڕانی ونبووی وڵاتەکەی کە حوکمڕانی بابانەکانە، کە ئەویش وەک چۆن خەڵکەکە دەگرین و نم نم فرمێسک بە چاویاندا دێتە خوار، دەگری و فرمێسک دەڕێژێ))، ئیتر لەمەوە کاکە حەمە

بەو ئەنجامە دەگات کە بڵێ: ((ئەمە بە ئاشکرا نیشانەی ئەوەیە کە حاجی هەر لە زووەوە هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەریی تێدا بووە و بەهێزیش بووە، بەم پێیە بە دووری نازانم و هەر ئەوەیش لە باروجێی خۆیدایەتی کە حاجی شیعری کوردایەتی و نیشتمانی تریشی لە پێش کۆچکردنیدا بووبێ، بەڵام فەوتابێ یا دەست نەکەوتبێ)) (مەلا کەریم، ٢٠٠٨، ١٥٣). پەندێکی پێشینانی کوردی هەیە کە دەڵێ: بە تاقە گوڵێک بەهار نایەت! بۆیە بەڕای ئێمە لە پای یەک تاکە بەیتی شیعر، ناکرێت حوکمێکی لەو جۆرەی لەسەر بنیات بندرێت کە بە ڕێز مەلا کەریم بۆی چووە. ئێمە وای بۆ دەچین کە نیوە دێری : ( پیرە گودروونیش لە داغی دەوری حوکماتی گومی) ئاماژە بۆ دەورانێکی کەونارای (گودروون، پیرەمەگروون) دەکات، کەوا لانکەی ژیان و پێگەیشتن و باڵا دەستی باپیرە هەرە گەورەکانی مرۆڤ بووە لە ناوچەکەدا، بە تایبەتیش هی (کورد) کە بۆ هەزاران ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە، نەوەک بۆ حوکمڕانیەکی ناوچەیی لە دەست چووی چەند ساڵێک لەمەوبەر (١٨٥٠- ١٨٦٤)، ئەویش بەو فەرزەی کە شیعرەکە لە مێژوویەکی نزیک لە سەفەر و سەرهەڵگرتنی حاجی بۆ ئەستەمبوڵ (١٨٦٤) گوترابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە دەگوترێت، حاجی بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ کوردایەتی نەکردووە و فیکر و بیری سیاسیی نیشتمانیی و نەتەوەیی تانوپۆی شیعری حاجی لەم قۆناغەدا پێکنەهێناوە. ناتواندرێت نکوڵی لەوە بکرێت کە حاجی لەم قۆناغەشدا، واتە قۆناغی بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبوڵ، وەک مەزن شاعیرێکی کورد لەسنوری قەڵەمڕەوی باباندا بەدیار کەوتووە، باشترین بەڵگەش ئەوە شیعرو غەزەل و قەسیدەکانییەتی، کە لە ڕووی ئەدەبی و ڕەوانبێژی و داهێناندا لە ئاست شاعیرانی سەردەمەکەدا هیچ کورتی ناهێنێت. ئەمە جگە لەوەی شاعیرێکی گەورەی ئەو سەردەمە (مەلا وەسمان نەقشبەندیی (فایەق) / ١٨٠٦- ١٨٨٦)) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شیعری بابان، لە ناو کۆڕی شاعیرانی ئەو سەردەمەدا تەنها (نالی) و (حاجی) بە مامۆستای خۆی زانیوە و هەر لەو سۆنگەیەشەوە شیعری پێنج خشتەکی لەسەر غەزەل و هۆنراوەی ئەم دووانە هۆنیوەتەوە. (موتابچی، ١٩٧٣، ٢٥٣). بە هۆی ئەو پەیوەستیەگیی و خزمایەتی و خۆیشاوەندییەی لە نێوان هەر یەک لە (مەولانە خالید / ١٧٧٩- ١٨٢٦) و ( نالی/ ١٧٩٧- ١٨٧٧) و حاجیدا، لە تەک بنەماڵەی (خادیم السجادە) دا هەبووە، حاجی هەمیشە سەری سلێمانی داوەو پێی لە خانەقای مەولانا نەبڕیوە (دەشتی، ٢٠٢٣، ٦٣). تەنانەت لە ئاوارەیشدا حاجی خۆی وەکو مەولانا وێنا دەکات:

**قوتبـــی زەمانـــە خالـــید ئاوارە بوو وەکـو من**

**بێ قەدرو قیمەت و شان، بێ خان و مان و بێ نان**

**(میران، ٢٠١١، ٩٨)**

هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە حاجی بەر لەسەفەری ئەستەمبوڵیش، شاعیرێکی بەرجەستەو ناسراو و دیار و ناودار بووە لە دەڤەری باباندا. لەمەڕ هۆکاری سەفەر و سەرهەڵگرتنییشی بۆ هەندەران دوو بۆچوون لە ئارادا هەن:

یەکەمیان ئەوەیە کە مامۆستا مەسعوود محەمەد جەختی لەسەر دەکاتەوە و پێی وایە دوو هۆکار لە پشت دەرچوونی حاجی لە کۆیەدا هەبووە، یەکیان خواست و دڵخوازی حاجی خۆی و دووەمیشیان بۆ بارودۆخی ماددی و کۆمەڵایەتی ئەوسا هەم لە کوردستان و هەم لە کۆیە دەگەڕێتەوە. واتە بە بۆچوونی مامۆستا مەسعوود، ((ئەم دوو هۆکارە لە پەنا بڕیاری نەفسە سەرکەشە لە خۆڕازییە بۆخۆنازیوەکەیەوە بوونەتە هێزوتەکانی ڕیشە هەڵکەندنی خۆی)) (محەمەد، ١٩٧٦، ١٩٥). لە بەرانبەردا ڕایەکی دیکە هەیە، کە شرۆڤەکارانی ژیانی حاجی پێی لە سەردادەگرن، ئەویش سەرەتا ئەو ناکۆکی و شەڕە دندووکە بووە کە لە نێوان حاجی و شێخی ماویلیدا (١٨١٠- ١٨٩٧) هەبووە، کە لە دواییدا سەری کێشاوە بۆ هەوڵی تیرۆرکردنی حاجی لە لایان دەستەیەک لە پیاو و مریدەکان شێخدا، کە خودی شێخ خۆی لە پشت ئەو پیلانەوە بووە. (فندی، ١٩٩٦، ٤٨) لە ڕاستیدا هەر دوو بۆچوون ڕاستن، بەیەکەوەش کۆی ئەو هۆکار و پاڵنەرانە پێکدەهێنن کە بوون بە مایەی سەفەر و سەرهەڵگرتن، یاخود (هەڵاتن)ی حاجی و پشتکردن لە زێد و نیشتمان. بەشی یەکەم هۆکارگەلێکی خودی بوون، بەو واتایەی حاجی کە خاوەن بیرودەرونێکی نەحەجماوی بەرزەفڕ بووە، لە سۆنگەی ئەو نائارامی و پشێویەی وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە دەوروبەرەکەی تەنیوەتەوە، دەشێت دەمێک بووبێت نیازی هەڵاتن و سەرهەڵگرتنی لە دڵ و دەرونیدا گەڵاڵە کردبێت، بەڵام هەڵکشانی تەمەن لە لایەک و دوودڵییەک کە لە ناخیدا هەبووە سەبارەت بە حەیفی جێهێشتن و پشتکردن لە زێدو نیشتمان ڕێگر بوون لە ئاست هەنگاو هەڵهێنانی بەو ئاڕاستەیە:

**یا هەڵـــێ یا تاقەتـــی بـــاری ڕەقیبانت هەبـــێ**

**ڕۆحەکەم (حاجی) مەبە ناموستەقیم و دەم دەمی**

هۆکاری بابەتیش ئەم شەڕو هەراو فەرتەنەیە بووە کەوا حاجی لەگەڵ بەرەی شێخان و بەتایبەتیش شێخ نەبی ماویلی و دارودەستەکەی دەرگیر کردووە. کە دەشێ ئەمەیان هۆکاری بەهێزو یەکلاکەرەوە بووبێت، تا ئەوەی بڕیاری سەرهەڵگرتن بدات و مل بداتە ئاوارەیی (یەڵدرم، ٢٠١٦، ١٤).

## قۆناغی دووەم/ ژیانی حاجی لە ئەستەنبوڵ:

حاجی خۆی لە شیعرەکانیدا زیاتر لە جارێک دانیپیاداناوە کە بە ناچاری وڵاتی بەجێهێشتووە، یاخود (هەڵاتووە ! ). پاش ئەوەی بۆی سووربۆتەوە کەوا نە دەسەڵاتی ئایینی ئەو سەردەمە لە کۆیە (مەلا عەبدوڵڵای هاوڕێی و بنەماڵەی جەلیزادان) نە دەستەڵاتبەدەستی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە (ئەمین ئاغای ئەختەر/ ١٨٣٨ – ١٨٨٨) ، زەمانەتی ژیان و سەلامەتی ناکەن لە بەرابەر نفووز و دەسەڵاتی شێخ نەبیدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئامۆژگاریان کردووە کەوا ئاگاداری خۆی بێت و چیتر هێرش نەکاتە سەر تەکیە و خانەقا و شێخەکان (محەمەد، ١٩٧٤، ٣٣١)*. بۆیە حاجیش ناچار بە بڕیاردان دەکرێت و ئەو دوودڵییەش کە پێشتر هەیبووە، بە یەکجاری لە لای دەرەوێتەوە. دیارە خزم و کەسوکاری حاجی، کە زۆر زۆریش بوون لە کۆیە، نەیانتوانیوە لە بەرابەر هەڕەشەو گوڕەشەکانی شێخ نەبی ماویلی و سۆفی و مورید و دارودەستەکەی بوەستنەوە و پشتوانی لە حاجی بکەن، بۆیە (هەڵاتن) لە بەردەمیدا دەبێت بە تاقە چارەسەر:

**لە (قوشخانەوە) تا دەمـــی (ئیچ قەڵا)**
**لە (بایزاغە)وە تا مەحەللــەی (قەڵات)**
**هەموو خزمی خۆمن دەزانـــم دەڵێن:**
**لە بێحورمەتیمان بوو(حاجی) هــەڵات**

**(میران، ٢٠١١، ٦١)**

لە ساڵی ١٨٦٤ دا حاجی دەگاتە ئەستەنبوڵ و بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ لەو شارەدا، پایتەختی ئیمپراتۆریای عوسمانیی، دەگیرسێتەوە. تاوەکو لەساڵی ١٨٧٩ دا و لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بەروبارگەی دەپێچێتەوە هەر لەو شارەدا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. لە ئەستەنبوڵ حاجی پێ دەنێتە ناو ژیانێکی تازە و جیهانێکی نوێوە. ئەستەمبوڵی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، مەزنترین شار و پایتەختی ڕۆژهەڵات بووە. جێگەی بەیەک گەیشتنی هەموو فیکروبیر و ئاڕاستە

جیاوازەکان بووە لە بوارەکانی شارستانی و کۆمەڵایەتی و ساسی و فەرهەنگیدا. لە ئەنجامی ساڵانێک مانەوە تێکەڵی لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵ و ئۆرگانە کوردییەکان و ئاشنایەتی لە تەک تەوژمە فیکری و سیاسی و مەعریفییەکانی ئەو سەردەمە، حاجی دووبارە دروست دەبێتەوە، یاخود حاجیەکی دیکە لە دایک دەبێت و دێتە ئاراوە. کەسێکی هۆشمەند و پێشەنگ، ئاڵا هەڵگری ڕێبازێکی تازە و نوێ لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا کە لە ڕەخنەو مێژووی ئەدەبیدا بە (ڕێبازی ڕۆشنگەری) دەناسرێت. ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەیەی بەسەر ژیان و بیرکردنەوەی حاجیدا دێت، گۆڕانێکی ڕیشەیی لە مێشک و لە دەروونی حاجیدا بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەویش لەسێ چاوگی سەرەکیدا سەرچاوەیان هەڵگرتووە:

**آ. ئەستەنبوڵ:** وەکو لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە، ئەستەنبوڵ گەورەترین شاری میترۆپۆڵی ڕۆژهەڵات بووە، جەمسەری بەیەکگەیشتن و بەریەککەوتنی هەموو مەعریفە و فیکر و فەلسەفەکان بووە، هی ڕۆژئاوای سەرمایەداریی پێسکەوتوو و ڕۆژهەڵاتی سیستەمی دەرەبەگی و خێڵەکی پاشکەوتوو. ڕۆڵە ئازادیخوازو ڕۆشنبیرەکانی هەموو نەتەوەکانی ژێرنییری ئیمپراتۆریەت، لە عەرەب، چەرکەز، کورد، ئەلبان، ئەرمەن... لەو مەڵبەندەدا یەکیان دەگرت و تێکەڵاو دەبوون. بیری چاکسازی و پێشکەوتن، شەپۆلەکانی مۆدێرنێتەو چاولێکەری ژیان و شارستانیەتی ڕۆژئاوا، پایەکانی دەوڵەتی کەوناراو دواکەوتووی عوسمانیەکانیان هێنابووە هەژان. بەشێکی زۆر لە مرۆڤە هۆشیاروچاوکراوەکانی کوردیش لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لەو شارە دا نیشتەجێ ببوون، کە لە دواییدا دەستەی یەکەم و پێشەنگی ڕووناکبیرانی کوردیان پێکهێناوە و لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی، کارگێڕی و فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواریدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. لەوشارەدا بە دەیان و سەدان ڕۆژنامە و بەلاڤۆک و کتێبی جوراو جۆر بە زمانەکانی تورکی، فارسی، عەربی، ئەرمەنی، ئینگلیزی و فەڕەنسی، چاپ و بڵاو دەبوونەوە(ئەمین، ٢٠١٩، ٢٤).

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێن، گوتاری زاڵی ئەستەمبوڵ چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدە و ئەو ڕۆژگارەی حاجی تیایدا نیشتەجێ بوو، گوتاری گۆڕانخوازی و تازەگەری و فیکری نەتەوەیی و نیشتیمانسازی بووە. ئەم گوتارە کاریگەری زۆری لەسەر کوردانی دانیشتووی ئەوشارە هەبووە، لێرە ئەستەنبۆڵ دەبێت بەیەکەم قوتابخانەو مەڵبەندی بیری ئازادی خوازی نەتەوەیی مۆدێرنی کورد. حاجیش وەک یەکێک لە یەکەمین دەستەو تاقمی ڕۆشنفکرانی کورد، بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەموو ئەو فیکر و فاکتەرانەدا هەبووە، لە ئەنجامدا دەبێت بە یەکێک لە ئاڵا

هەڵگرانی بیری تازەگەری و شوناسخوازی، تا ئەوەی ڕەوتی بیرکردنەوە و ڕوانگەی حاجی گۆڕانکاری تەواوی بەسەردادێت و ئیتر بیری حاجی و شیعری حاجی بە تەواوەتی جیاواز دەنوێنێت لەگەڵ سەردەمی پێشووی کۆیە و ڕۆژگاری فەقێیەتی و مەلایەتی (محمودی، ٢٠٢٠، ٤٦).

## ب. بنەماڵەی بەدرخانی

بەدرخانییەکان لە مێژووی نوێدا بە ڕابەرو دامەزرێنەری یەکەمین بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد دەژمێردرێن، لەدوای شکستی شۆڕشی میر بەدرخان پاشای گەورە (١٨٠٢- ١٨٦٨) و کۆتایی هاتنی دەسەڵات و میرایەتی بۆتان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، ئەم بنەماڵە گەورە و بەدەسەڵات و پان و پۆڕە، قورسایی کار و خەبات و تێکۆشانیان گواستۆتەوە بۆ ئەستەنبوڵ ئیتر لەوێوە قۆناغێکی تازە و نوێ لە هەوڵ و تەقەلای ئەم بنەماڵەیە لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەویش بە ڕێگایەکی دیکە، کە ڕێگای خەباتی مەدەنی و سیاسی و دیبلۆماسییە، دەستپێدەکات ئەوان لە ئەستەنبوڵ کۆمەڵگەیەکی ئاپۆڕا و فراوانیان پێکهێناوە و بەزۆری لە ناوچەکانی ( کادی کۆیی و ئۆیسکویدار) دا نیشتەجێ بوون، کە دوو ناوچەی سەرەکی نیشتەجێی کوردانی ئەستەنبوڵ بوون لە بەری (ئەنادۆڵ – ئاسیایی) شارەکەدا. وەکو باسدەکرێت ئویسکویدار یەکێک بووە لە کۆنترین و گرینگترین شوێنی کوردان و یەکێک بووە لەو شوێنانەی کوردەکان کە لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستانەوە بۆ یەکەمجار هاتونەتە ئەستەنبوڵ، لەوێ دابەزیون یاخود هامشۆی ئەوێیان کردووە. واتا دوای ئەوەی لەوێ پێیان ناوەتە شارەکە، ئەنجا بەرە بەرە بەری ئەورووپای ئەستەنبوڵیان دۆزیوەتەوە(ئەلاکۆم، ٢٠٠٥، ٩٥). لەو ڕۆژگارەدا کە حاجی پێ دەنێتە ئەستەنبوڵ (١٨٦٤- ١٨٦٥) بەدرخان پاشا و کورەکانی لە وێنەی (ئەمین عالی بەدرخان و عەبدولڕەزاق و عوسمان پاشا و کەنعان پاشا و میقداد میدحەت و عەبدەلڕەحمان و...) نەوەکانی لە وێنەی (سوریا و جەلادەت و تۆفیق عەلی چنارو... ئەوانی تر)، لە پێکهاتنی بیری نەتەوەیی مۆدێرنی کوردا هەوڵێکی زۆریان داوە ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە و خزمەتی گەورەیان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کردووە. تەنانەت ئەوان و هەندێک لە دەورو بەر و نزیکانی بنەماڵەی بەدرخان، پێشەوایەتی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە کوردیەیان کردووە کە دواتر پەرەی سەندووە و ئەستەنبۆڵیان کردووەتە مەڵبەندێکی گرینگی نەتەوایەتی مۆدێرنی کوردایەتی(ئەلاکۆم، ٢٠٠٥، ٥١) هەروەها بەشێک لەو سەرکردەو کەسایەتییە کوردانەی کە بەشداریان لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، یاخود هەر جوڵانەوەیەک بە ئاڕاستەی ڕزگاری و

سەربەخۆییدا کردبێت بەدڵی سوڵتان و دەرباری عوسمانی نەبووبێت، بە دیلی و دەست بەسەری هێنراونەتە ئەو شارە و تا لەژێر چاوەدێریدابن، بۆیە ئەستەنبوڵ لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا گەورەترین کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشەنگەری کوردی تیادا نیشتەجێ بووە. شانبەشانی خەڵکانی ئازادیخوازی گەلانی دیکە وەکو ئەرمەن و بولغار و ئەلبان و...لە هەموشیان بەرچاوتر خەبات و تێکۆشانی ئەو دەستەو خەڵکە پێشکەوتنخوازە تورکانە بووە کە ئاڵا هەڵگری پرەنسیپەکانی تەنزیمات و چاکسازی و ژیانی دەستووری و دابینکردنی ئازادی مەدەنی و حوکومڕانی پەڕلەمانی بوون (مەحموودی، ٢٠٢٠، ٤٩). لەو هەل و مەرجە مێژووییەدا حاجی لە ئەستەنبوڵ دەگیرسێتەوە، لەمەشەوە ئەم شارە بەم بارو دۆخە چارەنووسسازەوە، دەبێت بەو فێرگەیەی کە حاجی تێدا چاوی دەکرێتەوە. وەکو کەسایەتیەکی هۆشیارو منەوەر و یاخی و شۆڕشگێڕ دەردەکەوێت، وێدەچێت حاجیش تەبای خەڵکانی دیکە لە بەری ئویسکۆدار دا دابەزیبێتن و لە وێشەوەتێکەڵی لەگەڵ کوردانی دەستەبژێر و لە پێشەوەشیاندا بنەماڵەی بەدرخانی پەیداکردبێت، کە ئەوانیش بەدەوری خۆیان هەم داڵدەیان دابێت و هەم بوون بە ڕێنما و پشتیوان و زەمینە خۆشکەر بۆ ئەو فیکر و ئاڕاستەیەی حاجی گرتوویەتیە بەر لە ناو ئاپۆڕای ئەو شارە پڕ لە جووڵە و هەژان و ئاڵوگۆڕەدا. حاجی لەو ڕۆژگارە هەم بە تەمەن و هەم بەزانست و زانیاری و هەم بە ئەزموونەوە، کەسایەتییەکی سەنگین و سەلار، زانا و ئاشنا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی، شارەزا لە زانستەکانی ئایین و شەریعەت، پیتۆڵ و پسپۆڕ لە بوارەکانی ئەدەبیات و ڕەوانبێژی. هەر بۆیە دەکرێ کەسانێک لە بنەماڵەی بەدرخانی لە زانستەکانی حاجی لەو بوارانەدا بەهرەمەند بووبن و سوودیان لێی وەرگرتبێت، وەک ئەوەی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، کەوا حاجی لە سەرەتای گەیشتنی بە ئەستەنبوڵ هەم میوانی بەدرخانییەکان و هەم مامۆستای منداڵەکانیشیان بووە (موکریانی، ١٩٦٩، ٧). بەڵام ڕۆڵەکانی بنەماڵەی بەدرخانی، لەگەڵ ئەوەی باسی ناسین و نزیکایەتیان لەگەڵ حاجیدا کردووە، بەڵام کەسیان باسێکیان لەو بارەیەوە نەهێناوەتە گۆڕێ کە حاجی دەرسی پێداون یاخود مامۆستایان بووبێت. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە حاجی لە ئەستەمبوڵ تێکەڵی لەگەڵ کۆڕی ئەدیب و شاعیرانی ئەوێدا هەبووە و زۆرێک لە شاعیرانی ئەو ڕۆژگارەی ئەستەنبوڵ فارسییان لە بەردەستی حاجیدا خوێندووە (بەدرخان، ١٩٤١، ٨١٧). لە کتێبی (شاعیرانی هاوچەرخی تورک – Son Asir Turk Sairlari)ی (محمد کەمال ئینال)دا هاتووە: ((ئەمجارە شاعیرێکی لە مێژینە و ناوداری کوردستان، کە حاجی عەبدولقادر کۆیسەنجەقلییە،

له فەقیرخانەکە دەهاتە لامان و زۆرجار لێرە دەمایەوە، پیاوێکی ڕەبەن بوو، تەمەنی نزیکی هەشتا ساڵ بوو کە لێرە لە فەقیرخانەکەدا وەفاتی کرد، لەگەڵ برادەری شیرییم سافی ئوسیکۆدار، فێری ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی دەکردین، دیوانێکی شیعری کوردیشی هەبوو، هەر بەو هۆیەشەوە بەڕێزەکانی وەکو، قەلەندەر، ڕاهۆڵ، حەیران، هیجری، هامشۆی فەقیرخانەکەیان دەکرد و بە ڕۆژان و بە مانگان لێی دەمانەوە. ئەنجا لەو بارەیەوە حاجی ئیمتیحانیشی دەکردین)) (یەڵدرم، ٢٠١٦، ٩). ئەمە ئەو قسەیەی (جەلادەت بەدرخان- هەکۆل ئازیزان) یش پشتڕاست دەکاتەوە، کە پێشتر ئامەژەمان بۆ کردووە گوتویەتی، کە مامۆستای بەشێک لە شاعیرانی ئەستەمبوڵیش بووە. لێرەدا دووخاڵ پێویستی بە لەسەر وەستان و بەدواداچوون هەیە، کە ئەمانەن:

**٠١ محەمەد کەمال ئینال گوتویەتی،** حاجی لێرە لە فەقیرخانەکەدا وەفاتی کردووە. لەکاتێکدا لە گۆڤاری (دیاری کوردستان، ژمارە / ١٠، ل٨)دا هاتووە، ((ئاساری حاجی قادری کۆییش لە تەرەف ڕەشید شەوقی ئەفەندی، مودیر ئیداری دیاری کوردستان، قسیمەن کۆکراوە تەوە، بۆ تەلەبەییێکی حاجی قادر کە لە ئێستانبولە و لە ماڵیا بە ڕەحمەتی خوا چووە، لەمەوپێش لە حەق مەتروکات و فۆتۆگرافی مەرحووم کاغەزمان نووسیوە، هێشتا جوابمان وەرنەگرتووە..)) (ساڵح، ٢٠٠١، ٨) بەڵام لەوە دەچێت حاجی لە ماڵێ یەکێک لەو شاگرد و خوێندکارانەی مردبێت کە لە مزگەوتی (سەلیمیە) ی نزیک ل فەقیرخانەکە دەرسی پێ گوتبێت. هەر لێرەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کەوا (مزگەوتی سەلیمیە) کە حاجی دەرسی تیادا هەم بە ڕۆڵەکانی بنەماڵەی بەردخان و هەم بە خەڵکانی دیکەش گوتۆتەوە، هەر لە ئویسکودارە، واتە لە هەمان ئەو گەڕەکەیە کە ماڵە بەدرخانییەکانی لێ نیشتەجێ بوون. تا ئەوەی حاجی لە هەمان ئەو گۆڕستانەی نزیک مزگەوتەکە (قەرەج ئەحمەد لە ئیسکویدار) نێژراوە کە گۆڕستانی ماڵە بەدرخانییەکانیش هەر لە وێیە. تەنانەت (قشلەی سەلیمیە) کە شوێنی ئیدارە و بەڕێوەبەرێتی دەوڵەت بوو، هەر لەو گەڕەکە هەڵکەوتووە. (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥، ٧٩).

**٠٢ ڕاستە حاجی مامۆستایەکی هێژابووە،** خەڵکانێک لە لای ئەو خوێندوویانە و لە زانست و زانیارییەکانی بەهرەمەند بوون، بەڵام پێناچێت هیچ پلە و پۆستێکی لە دەوڵەتدا بووبێت، وەک ئەوەی دەگوترێت کە مامۆستا بووەلە (عەشیرەت مەکتەبی - Mektebi Asireti Humayun ١٨٩٢X- ١٩٠٧) و لەوێدا دەرسی بە منداڵە بەدرخانییەکان گوتۆتەوە (هەرشەمی، ٢٠١٩، ٢٢٥). یەکەم شت ئەوەیە کە ئەم خوێندنگایە دەوڵەتی بووە و لەسەر فەرمان چاودێری خودی سوڵتان

عەبدولحەمید دا (١٨٤٢– ١٩١٨) دامەزراوە. دووەم شت ئەوەیە کە ئەم خوێندنگایە لە بنەڕەتدا بۆمنداڵی عەشایرە عەرەبەکان دامەزراوە، تەنانەت لە دووساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا یەک منداڵی عەشایەری غەیری عەرەبی تیادا نەبووە، ئەنجا لە ساڵانی دواتر منداڵی عەشایەری کورد و ئەلبانی و هی دیکەشی لێ وەرگیراون. (روغان، ١٩٧٠، ١١٤). جگە لەوەی ئەو نەوەیە لە منداڵەکانی ماڵە بەدرخان کە حاجی لە گەلیاندا تێکەڵی هەبووە هەموویان گەورە و پێگەیشتوون، لە کاتێکدا تەنیا منداڵانی (١٢-١٦) ساڵی لە خوێندنگەیە وەرگیران. (نجم، ٢٠٢٢، ٢٤٧). لە مەسەلەی ڕۆڵ و کاریگەری بەدرخانییەکان بەسەر حاجییەوە، ئەوە هەر ئەوانبوون لە ڕۆژگارێکی دواتردا یەکەم شیعری حاجیان لە ڕۆژنامەدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە تەنانەت هەر ئەوانیش ڕێکەوتی کۆچی دوایی حاجیان بۆ ساغکردووینەتەوە. هەروەها سەروسۆراغی شیعر و دیوانەکەیشی هەرلە ڕێگای ئەوانەوە بە ئێمە گەیشتووە. تەنانەت ئەو دیوانە دەستنووسەی (مەم و زین) کە حاجی خوێندویەتییەوە و فیکر و بیرو دەروونیشی پێی گۆشکراوە، هی کتێبخانەی ماڵە بەدرخانیان بووە (فؤاد، ١٩٧٢، ١١). لە دیوانی حاجیدا لە پەسن و پێدا هەڵگوتنی بەدرخانییەکان ئاماژەگەلی زۆر بەرچاو دەکەوێت وەک لەم نموونانەدا دەبینرێت:

**حاکـــم و میرەکانـــی کوردستـــان**
**هـــەر لە بۆتانـــەوە هەتـــا بابان**
**یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بوون**
**سەیید و شێخی مولک و میللەت بوون**

**(میران، ٢٠١١، ٢١٢)**

**ئێســـــتاکە جزیرەبـــێ موحـــابا**
**مەعموورەیـــــی ئـــــەوە لە دونیا**
**ئەولادی ســـەحیحیان بەبـــورهان**
**کوردن لە مەکانی جەددی خۆیـــان**
**سوککانی بیلادی روبعی مەسکوون**
**(بالجملە) لەمانە مونشـــەعیب بوون**

**(میران، ٢٠١١، ١٩٨)**

**ج٠ خانی و مەم وزین**

خانیی نەمر(١٦٥٠- ١٧٠٧) مامۆستای یەکەمی بیری نەتەوەییە لە کوردستان و لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوە یەکەمین کەسێکە لە مێژوودا بنەماکانی بیری نەتەوە پەروەری نیشتمانخوازی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. حاجی لە ئەستەنبوڵ نوسخەیەکی دەستخەتی (مەم و زین) ی خانیی، تایبەت بە ماڵە بەدرخانییەکانی دەکەوێتە بەر دەست، ئەم بەرهەمە بە قووڵی دەخوێنێتەوە، بیرو باوەڕەکانی خانی لە مەیدانی نەتەوەیی و وڵاتپەروەری کە بە ڕوونی لەم بەرهەدا ڕەنگی داوەتەوە، کاریگەریەکی گەورە بەسەر مێشک و بیری حاجیدا بە جێدەهێڵێت، تا ئەوەی شوێنی (کتێبی پیرۆزی مزگێنی) لە لای حاجی دەگرێتەوە و بەو ڕادەیە پیرۆز و بەهادار دەبێت، لەم ڕووەوە جەلادەت بەدرخان پایەی حاجی بە (خانی دووەم) لە قەڵەم دەدات: ((حاجی قادری کۆیی خانیی دووانە، ئەوژی وەکو خانی بدەردێ میللەتی خوە دشەوتی)) بەدرخان، ١٩٤١، ٨١٧). لەو بارەیەوە (مامۆستا ڕەشید فندی) لە کتێبە بەنرخەکەیدا، (خانی و حاجی) جەخت لەسەر کاریگەری گرینگی مەم و زین و فیکر و بیری خانی لەسەر حاجیدا دەکات و دەڵێت: ((بەلێ ب ڕاستی مەموزینا خانی و هزر و بیرێت خانی کارەکێ مەزن کریە سەر بیر و باوەڕێت وی و هۆزانا ویا نوێدا ئەڤ ڕاستیە ل جهێ خوە دێ بۆ مە دیاربت)) (فندی، ١٩٩٦، ٧٣). وەکو چۆن جەلادەت ڕایگەیاندووە، حاجی پارچە شیعری (زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە)، کە پارچە گەوهەرێکی یەکدانەیە لە ئەدەبی کوردیدا، لەسەر بەرگی دواوەی ئەو نوسخە دەستخەتەی مەم و زین نووسیوەتەوە کەوا لە بنەڕەتدا هی باوکی بووە:

**زەمانـــــە ڕەسمـــــی جارانـــی نەماوە**

**چراغــــــی نــازم و مونشـــی کوژراوە**

**لە دەوری ئێمــــە ڕۆمــــان و جەریدە**

**ئەگەر چی مەقســــــەدە، زانینـــی باوە**

**ئەمــــان قـــەدری بزانن ئــەم کتێبـــە**

**لە دنیا ئێستەکـــێ هەمتـــای نەمـــاوە**

**لە ئەییامـــی حەیاتـــی شێخـــی خانـــی**

لەسەر نوسخــەی خەتــی ئەو نووسراوە

لەلای ئەربابــی خۆی بۆ قەدروقیمــەت

خەزێنەی گەوهــــەرە و کیســەی دراوە

لە مەجمووعی دووەل، ســۆران و بۆتان

لە ســایەی ئــەم کتێبــــە ناســـــراوە

لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی

ئەساســـی نەزمـــی کوردی دانەنــاوە

**(میران، ۲۰۱۱، ۱۱۸)**

حاجی ڕای وایە کە میراتییە کوردییەکانی وەکو سۆران و بۆتانیش لە ژێر سایە و سێبەری فیکرو بیری ئەم کتێبە و خاوەنەکەیدا هاتوونەتە دامەزراندن و ناسین. زۆریش بە ڕێزەوە بە (شێخی خانی) ناودێری دەکات و پێش لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە ئەساسی بیرو هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا لە سەر دەستی ئەو و خانیدا هاتۆتە داڕشتن. لەو بارەوە فندی وردە سەرنجێک دەردەبڕێت و دەڵێت، دەبوایە حاجی ناوی خانی پێشخستایە، چونکی ئەو لە بەراییدا مامۆستای شیعری نەتەوەیی بووە (فندی، ۱۹۹٦، ۷۵). لە چەند شوێن و جێگەی دیکەش لە شیعر و دیوانی حاجیدا پەسن و پیاهەڵدانی مەم و زین و خاوەنەکەشی بەرچاو دەکەون.

مەم و زین و دیوانی شێخی جزیر

گەلێ چاکــن بەسەهلـــی بێننەگیر

ئەم دووانە ئەمێســـتە تەرجەمەیان

زۆرە حەتتـــــا لە نێو فەرەنگستان

**(میران، ۲۰۱۱، ۲۱۰)**

حاجی سەرنجمان بۆ (دیباجە- پێشەکی) مەم و زین ڕادەکێشێت، کە لە گرینگیدان بۆ کوردان لەو ڕژگارەدا، تەواو مانیفیستۆیەکی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی بووە. لەم ڕووەوە لەسەر ئاڵۆزی بارودۆخی کوردان دەوەستێت:

**تەنـــــها ئێمە وەهانین**
**دیباجـەیی مەم و زین**

**حالیت دەکەن چلۆنـە**
**ئەحواڵیان سوخەندان**

لە قەسیدەی (شاسواری بەلاغەتی کوردان) دا، کە دێتە سەر ناوهێنانی خانی، لەتەک مەم و زیندا یادیان دەکاتەوە، وەک ئەوەی ئەم دووانە جمکانە بن و لێک جیاکردنەوەیان بۆ نەبێت:


**ئەحمەدی خانی، ساحێبی مەم و زین**
**شهبـــــازی فەزایـــــــی عیللییـــــــن**

**(میران، ٢٠١١، ٢١٩)**

خۆی بە هۆگر و ئەڤینداری جزیرە و بۆتان دەزانێت، لە وێنەی عیشق و ئەڤینداری مەم و زین:

**جیهان بوویتە جزیرەی بەحری گریەم**
**بەبێ بوهتـــــان ئەتو زین و ئەمن مەم**

ئەم سێ فاکتەر و سێ چاوگە سەرەکییەی کە باسمان لێوەکرد، واتە: شاری ئەستەنبوڵ، بنەماڵەی بەدرخانی و خانی و مەم و زین، ئەم سێ بنەمایە سەرەکییە بوون، کە پێکەوە جیهانبینی حاجیان لە تاراوگە لەسەر دامەزراوە و دەشێ دۆخەکە بە قەڵەمی درشت و بە کورتی بەم شێوەیە وێنا بکرێت، ئەستەنبوڵ ئەو فێرگەو خوێندنگا ناوەزەیە بووە کە حاجی تیایدا بۆتە فێرخواز و تینوو و تامەزرۆی فێربوون خانی و مەم و زین، ئەم پرۆگرام و فیکر و بەرنامەیە بووە، کەوا حاجی لەسەر پەروەردە بووە و پێگەیشتووە، بەدرخانیەکانیش ئەو دەلیل و ڕێنما و ڕێنیشاندەرە بوون کە دەرگای جیهانێکی تازەیان بۆ حاجی کردۆتەوە و خستۆتە سەرپشت.




هەموو ئەمانە هۆکاری بابەتی و هاوکار و یارمەتیدەر بوون، بوون بە باعیسی پێشکەوتن و پێڕاگەیشتنی حاجی، لە ڕووی فیکرو بیر و جیهانبینیەوە. هۆکارگەلێک بوون ماقوول و مەنتقیی خۆ دەنوێنن، بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکارێکی دیکەی گرینگ و بنەڕەتی زەحمەت بوو ئەم کارە بەم شێوەیە سەربگرێت و بەرەوپێش بچێت، کە ئەویش هۆکاری خودییە، واتە خودی حاجی خویشی ڕۆڵێکی بنچینەیی و یەکلاکەرەوەی هەبووە، لە دروستبوون و خەملاندنی ڕۆڵ و کەسایەتیی ئەو حاجییەی کە بۆتە دیاردەیەکی مێژووکرد وەک ئەوەی ئێمە ئەوڕۆ دەیناسین. ئەگەر خاک چەقێن و قاقڕ و بیژۆک و بەیار بێت، هەرچەندی تۆوی چاک و بە بڕشتیشی لێبووەشێندرێت، حاسیلات و بەروبوومێکی ئەوتۆی نابێت، دیارە پێچەوانەی ئەمەش هەروایە. حاجی لە وێنەی ئەو خاک و زەمینەی بە پیت و پیرۆز و بە بڕشتە بووە، کە نەمامی بوێری و سەرکەشی و یاخیبوون و شانازی و لە خۆ ڕازیبوونی وەبەرهێناوە، چ لە مەیدانی هونەری شیعردا، یا لە مەیدانی بیروباوەڕی نەتەوەیی، یاخود لە بواری مەعریفی و زانست و زانیاری ئەو دەم و ئەو ڕۆژگارەی تیایدا ژیاوە. ئەو هەمیشە(ئیدیعای غازیی – گەورەیی) هەبووە:

**من فەقێـــم و غەیری سیپارەم لە باخەڵـــــدا نییە**

**ئەو کەسەی ساحێب قڕانە، ئیدیعای غازی دەکات**

**(میران، ٢٠١١، ٥)**

*****　　　***　　　*****

**ئەوا خۆی کردە مەهدیی (حاجی قادر)**

**نە نادر شـــای هەیە و نە شاهــی نادر**

**(میران، ٢٠١١، ٢٥٢)**

**ئەنجامەکان**

٠١حاجی قادری کۆیی لە پاڵ دەستەیەک لە شاعیرانی دیکە سەربە ناوچە جیاوازەکانی ئاخێوەرانی کوردی ناوەڕاست لە کوردستان، نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری بابان پێکدەهێێن و حاجیش وەکو نوێنەر و پێشەنگی ئەو ئەزموونە ئەدەبییە بووە لە ناوچەی سۆراندا.

٠٢ لە بارەی ژیان و ئەزموونی ئەدەبی و فیکری حاجی قادر، دەشێت دوو قۆناغی سەرەکی لە یەکتر جیابکرێتەوە، قۆناغی ژیان و ئەزموونی ئەدەبی حاجی لە کوردستان و قۆناغی ژیان و ئەزموونی ئەدەبی و فیکری حاجی لە ئەستەنبوڵ.

٠٣ لە ئەستەنبۆڵ، لە سایەی هەژموون و کاریگەری سێ هۆکاری سەرەکی (ئەستەنبۆڵ و بەدرخانیان و مەم و زینی خانی) ، حاجی قادر لە ڕووی شیعر و فیکرەوە جارێکی دیکە، وەکو کەسایەتییەکی یاخی و شۆڕشگێڕ و خاوەن پەیام لە دایک دەبێتەوە.

٠٤ ئەستەنبوڵ ئەو دەوروبەرو فێرگە مەزن و کاریگەرە بووە، کە حاجی لە وێنەی شاعیر و بیرمەند و ئازادیخوازی نەتەوەیی بەرهەم هێناوەتەوە.

٠٥ ڕۆڵەکانی بنەماڵەی بەدرخانی، دەلیل و چاوساغی حاجی بوون لە ڕێگەی گوستنەوە لە قۆناغێکەوە تا ئەوەی پێ بنێتە قۆناغێکی تازە و نوێ لە ڕووی فیکری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسییەوە.

٠٦ مەم و زین و پەیام و پێڕەوی خانی، ئەو زەمینەیان سازکردووە بۆ ئەوەی شیعری سیاسی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی موتوربەکراو بە بیری ڕۆشنگەری و تازەگەری لەسەر دەستی حاجی، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بێنێتە ئاراوە.

## سەرچاوەکان


**١.** ئەلاکوم، ڕۆهات، ٢٠٠٥، کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن، وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

**٢.** ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٩، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان، کتێبی یەکەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

**٣.** دەشتی، د. عوسمان، ٢٠٠٣، پەیوەندی بنەماڵەی خادم السجادە لەگەڵ هەر یەک لە مەولانا خالید و نالی و حاجیدا، گۆڤاری ڕامان، ژ، ٣١٣.

٤. ڕوغان، یوجین، ١٩٧٠، مدرسة العشائر في اسطنبول، ترجمة نهاد محمد نوری، الوراق للترجمة والنشر.

٥. ساڵح، ڕەفیق، ٢٠٠١، دیاری کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٦. خەزنەدار، دکتۆر مارف، ٢٠٠٤، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٧. فندی، ڕەشید، ١٩٩٦، خانی و حاجی، چاپا ئێکێ، دهۆک.

٨. فؤاد، کەمال، ١٩٧٢، کوردستان – یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، بەغدا.

٩. مەحموودی، ئیسماعیل، ٢٠٢٠، ڕۆشنبیری کورد، مەکتەبی ئیستەنبووڵ، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی، سلێمانی.

١٠. محەمەد، مەسعوود، ١٩٧٤، حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١١. محەمەد، مەسعوود، ١٩٧٦، حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢. محەمەد، مەسعوود، ٢٠٢٣، شکۆی ئەدەب، بەرگی ٩/ کۆبەرهەم، ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری.

١٣. مەلاکەریم، محمدی، ١٩٨٩، هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا...، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

١٤. مەلاکەریم، محەمەد، ٢٠٠٨، دوو بابەت لە بارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٥. موتابچی، دکتور امین، ١٩٧٣، دیوانی مەلا وەسمان، مطبعة الادب، النجف الاشرف.

١٦. موكريانی، گيو، ١٩٦٩، ديوانی حاجی قادری كۆيی، چاپخانەی هەولێر، هەولێر.
١٧. ميران، سەردارو كەريم شارەزا، ٢٠١١، ديوانی حاجی قادری كۆيی، بە پێنووسی: سەعيد كەرەمی، انتشارات كردستان، سنندج.
١٨. نجم، نور ابراهيم و د. قحطان احمد فرهود، ٢٠٢٢، مدرسة العشائر في استانبول (١٨٩٢-١٩٠٧)، مجلة جامعة ديالى للبحوث الانسانية، العدد الواحد و تسعون.
١٩. هەرشەمی، شاسوار، ٢٠١٩، تەتەڵە، دەزگای ڕۆشنبيری جەمال عيرفان، سلێمانی.
٢٠. يەڵدرم، قەدری، ٢٠١٦، حاجی قادری كۆيی، خانی دووەم، گۆڕينی لە پيتی لاتينييەوە: عوسمان دەشتی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.